# هەنووکە. کۆماری کوردستان و پرسی ژنان

**پلانێکی تۆکمەیە بۆ وورووژاندنی پرس و ئازادی ژنان لە کۆماری کوردستان. با هەمووماں قۆڵ لەو ئەرکە پیرۆزە هەڵ کەین و بۆ وەدیهێنانی پێکەوە خەبات بکەین**

**ناکرێ بە بیانووی پێداویستی نەتەوەیی-سیاسی و گرینگی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، پرس و ئازادی ژنان بخرێتە پەراوێزەوە و دەبێت بایەخی جددی پێ بدرێت**

ریفراندۆمی باشووری کوردستان وەرچەرخانێکی گرینگ بوو لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورددا. لەو یادداشتە کورتەدا ناخوازم باس لە گرینگیی ئەو رووداوە بکەم، بەڵکو باسی سەرەکیی ئەو یادداشتە لەسەر ئەو گریمانەیە وەستاوە ئەگەر بێتو ئەو ئیرادەی سیاسییە کە خۆی لە ئەنجامدانی ریفراندۆمی مێژوویی ٢٠١٧/٠٩/٢٥ نیشان دا، بەردەوام بێت و بە دوای ئامانجی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان بێت، دەبێت ئەو خاڵانەی خوارەوە رەچاو بکرێت:

١) ئەو دەوڵەتە دەبێ سیما و ناوەرۆکێکی دیموکراتیکی گەلی هەبێت، هەر بۆیەش دەبێت کۆماری کوردستان بێت، نەك قەوارەیەکی پادشایی و یان کۆمارێك لە قەوارە و سەڵتەنەت لە ناوەرۆکدا.


٢) کۆماری کورستان لە باشوور، وەکوو بەدیل و ئەلتەرناتیڤی سیاسی نەك تەنیا بۆ کورد، بەڵکوو بۆ بارودۆخی سیاسیی هەنووکەیی ناوچەکە خۆی دەرخات. بە واتایەکیتر، هەژمونیی ئیسلامی سیاسی لە ماوەی چل ساڵەی رابردوو لە دوای شۆڕشی ئێران و ئەو هەلومەرجە قەیراناوایيە کە لە ناوچەکەدا بەجێی هێشتووە، پێویستی بە بەدیلێك هەیە. هەلومەرجێك کە ئەمڕۆ لەلایەن پسپۆڕانی رۆژهەڵاتی ناوین لەژێر چەمکی نسکۆی ئیسلامی سیاسی، یان پۆست- ئیسلامیزمدا باس و پێناسە کراوە. زامنی سەرەکی بۆ دامەزراندن و بەردەوامی کۆماری کوردستان لەوەدا خۆی دەردەخا کە وەکوو بەدیل و ئەڵتەرناتیڤی ئەو هەلومەرجەو وەکو بەدیلی ئیسلامی سیاسی خۆی دەربخات.

٣) کۆماری کوردستان وەکوو بەدیلێك بۆ بارودۆخی پۆست-ئیسلامیزم دەبێ پێش هەموو شتێك لە بواری پرسی ژناندا جەوهەری سیاسی خۆی دەربخات.

مشتومڕ لەسەر پێناسەی ئیسلامی سیاسی زۆرە، بەڵام لانیکەم لەسەر مەسەلەی ژن و ئیسلامی سیاسی ئەو مشتومڕ کەمترە. یانی کۆدەنگییەك لەسەر پەیوەندیی سەرهەڵدان ئیسلامی سیاسی و پەیوەندی بە پرس ژنانەوە لە ریزی پسپۆڕانی رۆژهەڵاتی ناویندا هەیە. دەکرێ لە دوو بواردا باس لە پەیوەستی پرس و کێشەی ژن لەگەڵ ئایدیۆلۆژی ئیسلامی سیاسی بکەین.

یەکەم، بە پێچەوانەی ئیسلامی نەریتی، ئیسلام سیاسی رێگا دەدا کە ژنان لە ئاستێکی کۆنترۆڵکراو لە بواری گشتیدا بەشدار بن. دووەم، ئەو رێگادانە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی جەستەی ژن و دارشتنەوەی پەیوەندیی جێندەری (جنسییەتی) بە مەبەستی بنیادنانەوەی باوکسالاری لە قۆناغی نوێ و مۆدێرنیتەدایە. رەنگە باشترین نموونە بۆ ئەو باسە پێداگری ئیسلامی سیاسی لە سەر گرینگی و پەیرەوکردنی شێوازێك لە حیجاب (رووپوش) بۆ ژنان بێت، کاتێ لە بواری گشتیدا کار و چالاکی دەکەن. ئەو فکرە خوی لە سەر بنەمای بیرۆکەی باوکسالاری وەستاوە. لە هەلومەرجێکدا کە چێتر بە شێوازی نەریتی توانستی بەربەست دروستکردن بۆ بەشداری ژنان لە بواری گشتیدا مەجالی نەماوە. پێویستی و رەچاوکردنی حیجاب لە لایەن ژنان لە بواری گشتیدا دەبێتە سیمبولێك بۆ پێداگری و دووبارە دارشتنەوە و بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندی جێندەری لەسەر بنەمای باوکسالاری.

بێگومان باوکسالاری پیش هاتنی کۆلۆنیالیزم لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناویندا بوونی هەبووە. بەڵام بە هاتنی کۆلۆنیالیزم و دواتر پەرسەندنی قۆناغی نوێ و مۆدێرن لە ناوچەی ئێمەدا، باوکسالاری بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆزتر خۆی بەرهەمهێناوەتەوە. سەرهەڵدانی و هەژمونی ئیسلامی سیاسی لە نیوەی سەدەی رابردوو بە شێوازێکی زەق جەوهەری ئەو تەوژمە بووە، واتا هەوڵێ بەرهەمهێنانەوەی باوکسالاری لە دونیای هەنووکە، مۆدێرن و گلۆباڵدا دەرخستووە. بە واتایەکتر، بەهاتنی مۆدێرنیتە و سەرهەڵدانی دامەزاروەی دەوڵەت-نەتەوە، وەکو دامەزراوەیەکی سیاسی-ئاسایی بۆ ئیدارەی کۆمەڵگە و حەکەمی سەرەکی و کۆتایی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دا، لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوینیشدا، سنووری نێوان بواری گشتی و بواری تایبەت، لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و بنەماڵە و خێڵ هەنگاو بە هەنگاو قەوارەی گرت و بۆ بە بنەمای لێدوان و بیرکردنەوە بۆ کارگێڕی و یاسایی. بەڵام لە نێو ئەو پەرسەندن و رەوتە گشتییەدا هەمیشە ئیستسنایەك بوونی هەبووە، کە بریتی بووە لە پەیوەندی جێندەری. ئەو حاڵەتە بە جوانترین شێواز لە لایەن فێمینیستی لوبنانی، (رۆڵا شەراره)، لە پەرتووکی (خەمسین) دا گەڵاڵە کراوە، خاتوون رۆڵا دەڵێت: «ژنان لە لوبنان، وەکو ژنان لە هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکاندا، هەست بە دەور و کاریگەری دەوڵەت لە ژیانی خۆیاندا ناکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە بە شێوەیەکی زەق هەست بە دەور و دەسەڵاتی بێ سنووری خێڵ، بنەماڵە و بە تایبەت پیاوانی بنەماڵە و خێڵ، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیاندا دەکەن.»



**د. سەعید شەمس**
**کۆمەڵناس و مامۆستای زانکۆ لە سۆران**

بۆ گوڵانی نووسیوە

بە واتایەکیتر، ئێمە شاهیدی دووفاقییەکی سەیر و سەمەرەین لە رەوتی سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین. لە لایەکەوە، دامەزراوەی دەوڵەتی نوێ شەرعییەتی سیاسی لە دەستی خۆی مسۆگەر و پاوان دەکات، لەو رەوتەدا سنووری بواری گشتی و بواری تایبەت دیاری دەکات. لە لایەکیترەوە، ئەو دەوڵەتە سەروەریی سیاسی لە بواری جێندەری دەداتەوە بە خێڵ، ئایین و بنەماڵە. مێژووی ئیسلامی سیاسی لە ماوەی چل ساڵەی رابردوو بریتی بووە لە وێناکردنی ئەو تەوژمە، لە لایەکەوە پێداگری لە سەر دەوری کاریگەر دەوڵەتی ئیسلامی لە ئیدارەی کۆمەڵگەو دووبارە بنیادنانەوەی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی دەکات، بەڵام لە لایەکیترەوە دەرهاویشتنی پرسی ژنانە لە دەسەڵاتی دەوڵەت و دووبارە داسەپاندنی هەژمونی بنەماڵە، خێڵ و بیرۆکەی ئایینی لە سەر ئەو پرسە و پەیوەندی جێندەری.

هەر بۆیەش ئێستا کە باسی دەوڵەتی کوردی لە باشوور هاتۆتە ئاراوە، رەوشی سایسی هەنووکە رۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی و عێراق بەتایبەتی دەخوازیت رەهەندە گشتییەکانی ئەو پێداویستیە بێتە بەر باس:

یەکەم؛ دەوڵەتی کوردی لە قەوارە و ناوەرۆکدا دەبێ، کۆمار بێت، نەك کۆمار لە قەوارە و پادشایی لە ناوەڕۆکدا.

دووەم، کۆماری کوردستان دەبێت وەکوو بەدیلێك بۆ ئیسلامی سیاسی کە لە ماوەی چل ساڵەی رابردوو عێراق و سووریای بەرەو لێکترازان و هەڵوەشاندنەوە بردووە و ئێران و تورکیای تووشی قەیرانێکی مەزنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی کردووە، خۆی دەربخات.

سێیەم؛ گرینگترین رەهەندی جەوهەری ئەو بەدیل بوونە بۆ دەوڵەتی کوردی خۆی لە پرسی ژنان و چۆنایەتی رووبەڕووبوونە لەگەڵ پەیوەندی جێندەردا دەردەخات. هەر بۆیەش دەبێ پەیوەندییەکانی جێندەری لە کۆماری داهاتووی کورستاندا هەڵبسەنگێنینەوە، واتە سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنی تایبەتمان هەبێت بۆ پەیداکردنی سازان و گونجاندنی نوێ لەنێوان پێداویستییەسیاسی-نەتەوایەتی، مێژوویی-کولتووری و گەڵاڵەکردن، بە یاسایی کردن و گشتاندنی رەوشێکی نوێ و هاوچەرخانە لە پەیوەندی جێندەری بە مەبەستی دابینکردنی ئازادی بۆ ژنان. رەوشێك کە پێویستی بە بۆچوونێکی یەکلاکرەوە هەیە لە چارەسەرکردنی پرسی ژنان و ئازادی ژنان و پەیوەندی جێندەری لە چوارچێوەی بواری گشتی (دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی) و بنبڕکردنی دەسەڵاتی خێڵ لە دیاریکردن ئەو پرسە. لەبەر ئەوەی ناکرێ بە بیانووی پێداویستی نەتەوەیی-سیاسی و گرینگی دامەزرادنی دەوڵەتی کوردی، پرس و ئازادی ژنان بخرێتە پەراوێزەوە و دەبێت بایەخی جددی پی بدرێت.

بە پێچەوانەی زۆر هەڕەشەی دەرەکی، رەوشەکە زۆر لەبارە بۆ پێداگری لە سەر دامەزرادنی کۆماری کوردستان لە بەشی باشووری کوردستان، بە مەرجێك لە ناو سنوورە سیاسییەکەیدا یەکێتیی نەتەوەیی کورد بپارێزێت. پاراستنی یەکێتی نەتەوەیی نە تەنیا شەرعییەتدانە بە دامەزراندنی بنکە و قەوارەیەکی سیاسی نەتەوەیی کورد لە ناوچەکەدا، ئامانجێك کە جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورد لە سەد ساڵەی رابردووی خەباتی بۆ دەکات، بەڵکو لە هەمانکاتدا باشترین پەرچەکردارە بۆ ئەو هەڕەشانەی کە لەلایەن ئێران و تورکیا و عێراقەوە دەکرێتە سەر ئەو ویستە و ئامانجە رەوایەی کورد. هەمووی ئێمە کە خوازیاری دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆی نەتەوەیین لە باشووری کوردستان، دەبێ سەرنجی ئەو راستییە بدەین کە رەوشی ناوچەکە زۆر ئاڵۆزە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵۆزییە و لە رووی ئەو دژەدیپلۆماسییە کە دەوڵەتانی ئێران و تورکیا و بەغدا لە دژی بڕیاری ریفراندۆم و سەربەخۆیی وەگەڕیان خستووە، هەروەها ئەو مەترسییە کە سەبارەت بە ئاکامی دابەشبوونی عێراق لە لایەن مەس میدیای جیهانییەوە دارێژدراوە بۆ چەواشەی بیر و هزری خەڵك سەبارەت بەو بابەتە دەبێ ئاگاردار بین، تەنیا هۆکارێك کە سەرکەوتنی ئێمە مسۆگەر دەکات، یەکگرتوویی نەتەوەیی و پێداگری لە سەر ویستی سەربەخۆییە، نەك پاشەکشەکردن لە سەر ئەو ویست و ئامانجە.

ویستی سەربەخۆیی کورد لە بەردەوامیی رەوتی ریفراندۆمی ٢٠١٧/٠٩/٢٥ رووداو وەرچەرخانێکی گرینگە بۆ کۆتایی نەخشەی سایکس-پیکۆ و لەرزاندنی سیستەمی چەقبەستووی دەوڵەت-نەتەوەی رۆژهەڵاتی ناوین کە لەسەر تەوەری ئەتڵەسی دامەزراوە. واتە بە کورتی و کوردی دەخوازم بڵێم ویستی سەربەخۆیی کورد لە بەشێ باشوور هێمایەکە بۆ گۆڕانکاری و وەرچەرخانەکان و نەیار و دژبەری زۆریشی هەیە و دەبێ. تەنیا زامنی وەدیهێنانی ئەو ئامانجەش یەکێتییەکی نەتەوەییە و خودی ئەو یەکێتییە گرێدراوی پلانێکی تۆکمەیە بۆ وروژاندنی پرس و ئازادی ژنان لە کۆماری کوردستان. با هەمووومان قۆڵ لەو ئەرکە پیرۆزە هەڵ کەین و بۆ وەدیهێنانی پێکەوە خەبات بکەین.

**گرینگترین رەهەندی جەوهەری ئەو بەدیل بوونە بۆ دەوڵەتی کوردی خۆی لە پرسی ژنان و چۆنایەتی رووبەڕووبوونە لەگەڵ پەیوەندی جێندەردا دەردەخات. هەر بۆیەش دەبێ پەیوەندییەکانی جێندەری لە کۆماری داهاتووی کورستاندا هەڵبسەنگێنینەوە**

**باوکسالاری پێش هاتنی کۆلۆنیالیزم لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناویندا بوونی هەبووە. بەڵام بە هاتنی کۆلۆنیالیزم و دواتر پەرسەندنی قۆناغی نوێ و مۆدێرن لە ناوچەی ئێمەدا، باوکسالاری بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆزتر خۆی بەرهەمهێناوەتەوە**

# دایکانی سەربەرزی شەهیدان خوازیاری سەربەخۆیی کوردستانن




دایکە عائیشە
دایکی شەهیدانی جیهان:

**لەو کاتەوە جەنابی سەرۆک بارزانی ئەمری کرد ریفراندۆم بکرێ و سەربەخۆ بین، تاکە ئاواتم ئەوەیە کە نەمرم و دەوڵەتی کوردستان ببینم**






ئافرەتان خاوەن رابردوویەکی پڕ سەروەرین لە مێژووی کوردو شانبەشانی پیاوان بەشداربوون لە بزاڤی نەتەوایەتی و تەنانەت دەستیان داوەتە چەك و لە هەر چوارپارچەی کوردستانی دابەشکراو هاتوونەتە ریزی حزب و لایەنە سیاسییەکان و لە خەباتی چەکداری و شۆڕشەکانی کوردستان رۆڵی بەرچاویان بووە. ئەگەرچی پیاوان بەراورد بە ئافرەتان ژمارەیەکی زۆر زیاتریان لە نەبەردەکاندا شەهید کراون، بەڵام هەر ئەوەش وایکردووە خانەوادەی سەربەرزیان ئەرکی قورستری ژیان لە ئەستۆ بگرن، بەتایبەتی هاوسەری شەهید کە ناچار دەبێت شوێنی باوك بۆ منداڵەکانی پڕ بکاتەوە، بەڵام ئەوەش لە یاد ناکرێت کە دایکانی شەهیدانی سەربەرزمان تا دواهەناسەی ژیانیان بەو حەسرەتەوە دەژین، کە لانیکەم ئامانجی رۆڵەکانیان بێتەدی و خوێنی پیرۆزیان بەفیڕۆ نەچێت. لەم راپۆرتەشدا ژمارەیەك لەو دایکە سەربەرزانە راوبۆچوونی خۆیان لە بارەی بونیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە بۆ گۆڤاری گوڵان دەخەنەڕوو.



کەو عەبدوڵڵا دایکی یەکەم پێشمەرگەی باشووری کوردستان کە لە کۆبانێ شەهیدکرا:

**رۆڵەیەکم لە پێناوی سەربەخۆیی لە پارچەیەکی دیکەی خاکی کوردستان کردووەتە قوربانی، ئامادەم هەر سێ کوڕەکانی دیکەشم بکەمە قوربانی تەنیا لە پێناو بنیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان**



عەمیرە مستەفا
دایکی شەهید فەرهاد ئەحمەد:

**سەربەرزم بەوەی کە کوڕەکەم لە پێناو پاراستنی کوردستان شەهید بووە، زۆر دڵخۆشین و سوپاس بۆ خوای گەورە کە ئیرادەی گەلی کوردی سەرخست**

دوای ئەوەی دایکە عائیشە سێ کوڕی لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا شەهیدبوون، سەرۆك بارزانی بەسەری کردەوە و پەرلەمانی ئەورووپاش بە فەرمی بانگهێشتی کردو نازناوی «دایکی شەهیدانی جیهان»یان پێ بەخشی. ئەو دایکە سەربەرز و جەرگسووتاوە سێ ڕۆڵەی قارەمانی لە یەك کات و لە یەك سەنگەردا لە رزگارکردنی ناوچەی زومار لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە شەهید کران، لەگەڵ ئەو ئازارە جەرگبڕەشدا، هەموو کات و سات و رۆژێك بە ئاواتی ئەوەیە سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەندرێت و لەمبارەیەوە دەڵێت: «ئێمە لە شاخ و لە شار خەباتمان بۆ ئازادی بوو، تەنیا بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیش برینمان سارێژ دەبێت، لەو کاتەوە جەنابی سەرۆك ئەمری کرد، ریفراندۆم بکرێ و سەربەخۆ بین، تاکە ئاواتم ئەوەیە کە نەمرم و دەوڵەتی کوردستان ببینم، شوکر بۆ خوای گەورە ریفراندۆم سەرکەوت، بۆیە پێویستە پەلە لە راگەیاندنی دەوڵەت بکرێت و دواخستنی لە بەرژەوەندی ئێمەی کورد نییە، بۆیە لێرەوە داوا لە جەنابی سەرۆك دەکەم کە بە زووترین کات و پێش هاتنی نەورۆز سەربەخۆیی کوردستان رابگەینن، لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە نەمرم و دەوڵەتی کوردستان ببینم».

سەرۆکی کوردستان مسعود بارزانی لە پەیامێکدا بۆ ئافرەتانی کورد دەڵێت: «پیرۆزبایی لە دایکی شەهیدو ژن و کچی شەهیدە سەربەرزەکان دەکەم، کە ئازیزانی خۆیان پێشکەشی گەل و نیشتمان کردووە. پیرۆزبایی لەو ئافرەتە تێکۆشەرانە دەکەم رۆڵیان لە بەرەوپێشچوونی دۆزی ئافرەتی کوردستانیدا هەبووە. رۆڵی ئافرەتان لە دروستکردنی مێژوو و پاڵپشتیکردنی شۆڕش و پێگەیاندنی رۆڵەی قارەمان جێگەی شانازییە. ئەو قوربانی و ئێش و ئازارەی ئافرەتی کوردستانی لە خەباتی گەلەکەیدا بینیویەتی، لە هی پیاو زیاترە. ئافرەتان وەك دایك و هاوسەر و خوشك هاندەری پێشمەرگە بوون و ئازیزانیان بە نیشتمان بەخشیوە، کە ئەمڕۆ مێژووی گەلەکەمان شانازییان پێوە دەکات».

ئەو وتارەی سەرۆك بارزانی، قورسایی و سەنگ و رێزی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان زیاتر بەرجەستە دەکات، لە هەموو وڵاتانی جیهانیشدا ئەوانەی لە پێناوی وڵات و ئازادیی خۆیاندا بە ناحەق خوێنیان ڕژاوەو شەهید کراون، بە چاوی رێز و ستایشەوە سەیردەکرێن، لە کوردستانیش کە وڵاتی فیداکاری و بەرخۆدانە، بۆ ئەوەی لە دیلی و پەستی و ژێردەستەیی رزگارمان بێت، سەدان هەزار قوربانیمان داوە، دایکانی سەربەرزی شەهیدانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە تەنیا بە بونیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆ برینیان سارێژ دەبێت.

ئەوەتا پەیمان ئەحمەد دایکی شەهید ئاشتی فارس تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «من وەك دایکە شەهیدێك تا دوا دڵۆپە خوێنم لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستانم، چونکە ئێمەی کورد ئەوە ١٠٠ ساڵ زیاترە هەر دەچەوسێینەوە، من بە بیرو بڕوایەکی بەهێزەوە لە ئایندەی کوردستان دەڕوانم، ئایندەمان گەشە بە پشتیوانی خوای گەورە و خوێنی شەهیدانمان بەفیڕۆ ناچێت، ئێمەی کورد و کوردستانییان خوێنێکی زۆرمان داوە بۆ سەربەخۆیی و مافەکانمان، دڵنیاشم دەوڵەتی کوردستان دروست دەبێت و هەر بە برایەتی و پێکەوەژیانێکی پڕ لە رێز و ئاشتیمان لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان دەبێت. کوردستان موڵکی هەمووانە بەتایبەتیش هی خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکانە، لەکۆتاییدا دەڵێم سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی رێگەی رزگاری کوردستان. من پارچەیەك لە جەرگم بە خاك بەخشی، بۆ ئەوەی کوردستان سەربەخۆ بیت، ئەوە خەونی کوڕە شەهیدەکەشم بوو».

جەیران رەسول دایکی شەهید کەیوانی تاقانە-یە و ئەویش یەکێکە لەو هەزاران دایکە شەهیدە، رەشپۆش و جەرگسووتاوانە و سەبارەت بە بونیادنانی دەوڵەتی کوردستانیش دەڵێت: «تاقە کوڕێکم بوو لە پێناو کورد و کوردستان دامناو نامەوێ خوێنەکەی بەفیڕۆ بڕوات، وەك دەزانین جەرگ لە هەموو کەسێك و شتێك شیرینترە، تاقانە رۆڵەکەی من چوار منداڵی وردی هەیە و دوای شەهیدبوونی تاقانە کوڕەکەی بە لە دایك بوو، من وەك دایکێك رۆڵەکەمم لە دەستدا و چوار منداڵی بێ باوکم بۆ مایەوە، لە پێناو چی، لە



گوڵان: کۆمەڵایەتی

پێناو پاراستنی کوردستان و دەستکەوتەکانی بوو، لە پێناو پاراستنی ئاسایشی وڵات، کوڕەکەم باوەڕی بە مەبدەئەکەی زۆر بەهێز بوو، بە قەناعەتەوە لەم ڕێگەیەدا خوێنی خۆی کردە خەڵات و هەمیشە دەیگوت: باوکە، دایکە چەند خۆشە پلەی شەهادەت لە ڕێی کوردستان بەدەست بێنی، کاتێك تاقانەکەم بە خاك بەخشی ئومێدم سەربەخۆیی کوردستان بوو، ئێستاش کە دەبینم خەریکە خۆری سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان ئاسۆی وڵاتی تەنیوە، زۆر خۆشحاڵم و خەمی دووری ڕۆڵەکەمم کەم بۆتەوە. ئومێدەوارین نەوەکانی من و هەموو ڕۆڵەی کورد بە سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان شادبن و لە سێبەریدا بحەسێنەوە و بە ئاسوودەیی بژین».

کەو عەبدوڵڵا دایکی شەهید زێرەڤان و یەکەم پێشمەرگەی باشووری کوردستانە کە لە کۆبانێ شەهید کرا. ئەو دایکە سەربەرزە بەمجۆرە باسی خۆی و شەهیدەکەی و خەونەکانی دەکات: «من ڕۆڵەیەکم لەپێناوی سەربەخۆیی لە پارچەیەکی دیکەی خاکی کوردستان کردووەتە قوربانی، ئامادەم هەر سێ کوڕەکانی دیکەشم بکەمە قوربانی تەنیا لە پێناو بنیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بێگومان بۆ دایکێك قورسترین شتە کە ڕۆڵەکانی بکاتە قوربانی و هەتاهەتایە بەو ئازارەوە دەژیت، بەڵام سەربەخۆبوونی کوردستان لەلای هەر تاکێکی کوردپەروەر گرنگترین ئامانج و خەونی ژیانیەتی، من پێش ئەنجامدانی ریفراندۆمیش لەهەموو بارودۆخێك ئەوەم دووپات کردووەتەوە کە پێویستە



کوردستان بە زووترین کات سەربەخۆبێت و تەواوی گەلی کورد خەبات بو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان بکات، دوای ریفراندۆمیش هەمان هەڵوێستم هەیەو بگرە زیاتر پێداگرم و دڵخۆشم و پێموایە ئێستا ئیتر دەوڵەتی کوردستان بنیاد نراوە. بە سەداسەد لەگەڵ سەربەخۆبوونی کوردستانم، داواکاریشم لە تەواوی گەلی کورد کە بە هیچ شێوەیەك گوێ بە هیچ جۆرە فشار و هەڕەشەیەك نەدەن کە وڵاتانی دەوروبەر بەرامبەر بە کوردستان بەکاری دێنن، چونکە ئێمە چەندین ساڵە خەبات دەکەین و قوربانی دەدەین، ئاوارە بووین و برسی و بێ ماڵ و حاڵ بووین، ئەنفال و کیمیاباران کراین، هەزاران شەهیدمان داوەو کوردستانیان وێران کردووین، دڵنیام ئەگەر ئێمە رازی بین بە کوردستانێکی ژێردەستە، ئەوا حاڵمان هەر وادەبێت، بەڵام ئەگەر ببینە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ کەوا ئێستا لە دەستپێکیداین، بێگومان ناتوانن لەوە خراپتر بە سەرمان بێنن، بۆیە با چیتر زوڵم و ژێردەستی قبووڵ نەکەین و خاوەن دەوڵەتی خۆمان بین و سەربەرز و ئازاد بژین. کێشەو سەختییەکانیش تێدەپەڕن، کورد لە ژێردەستیدا بەرگەی زۆر شتی سەختی گرتووە، دڵنیام لە پێناو سەربەخۆیی بەرگەی هەموو ناخۆشی و سەختییەك دەگرێت. هیوادارم بە زووترین کات سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەندرێت و چیتر دوا نەخرێت، بۆ ئەوەی مزگێنی بە کوڕەکەم و سەرجەم شەهیدان بدەین کە خوێنی پیرۆزیان بەفیڕۆ نەچووە. ئەو ئامانجەی کە ڕۆڵەکانمان لە پێناوی شەهید بوون، ئاواتی هەموو گەلی کوردە، دڵنیاشم بە هەوڵ و کوششەکانی سەرۆکمان کاك مسعود بارزانی بە زووترین کات ئەم مزگێنییە دەدرێتە شەهیدانمان و تەواوی گەلی کوردستان. بژی کورد، بژی کوردستان، نەمریی بۆ شەهیدان».

عەمیرە مستەفا دایکی شەهید فەرهاد ئەحمەد ـەو سەبارەت بە هەمان پرس بە ورەیەکی بەرز و پیرۆزەوە دەڵێت: «سەربەرزم بەوەی کە کوڕەکەم لە پێناو پاراستنی کوردستان شەهید بووە، زۆر دڵخۆشین و سوپاس بۆ خوای گەورە کە ئیرادەی گەلی کوردی سەرخست، لە خوا دەپاڕێمەوە سەرۆکمان سەرکەوتوو بکات و دەوڵەتی خۆمان ببینین و لە ژێردەستی داگیرکەر بێینەدەرێ، با چیتر خوێنی شەهیدان بەفیڕۆ نەڕوات و چیتر دوژمن قەتلوعاممان نەکات، ئێمە لە رابردوودا ئاوارەیی و غەریبی و دەربەدەری زۆرمان چەشت لە پێناو سەربەخۆبوون و دەربازبوون لە ژێردەستەیی، وەك دایکی شەهید زۆر زۆر حەز دەکەم ببینە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئاواتی شەهیدانی رێگەی رزگاری کوردستان بێتەدی، با چیدیکە عەرەب خاوەنداریێتیمان نەکات با خۆمان ببینە خاوەن کوردستانێکی سەربەخۆ».



**پەیمان ئەحمەد**
**دایکی شەهید ئاشتی فارس:**

**پارچەیەک لە جەرگم بە خاک بەخشی، بۆ ئەوەی کوردستان سەربەخۆ بیت، ئەوە خەونی کوڕە شەهیدەکەشم بوو**



**جەیران رەسول**
**دایکی شەهید کەیوانی تاقانە:**

**تاقە کوڕێکم بوو لە پێناو کورد و کوردستان دامناو نامەوێ خوێنەکەی بەفیڕۆ بڕوات**



د. سورەیا فەلاح چالاکی مافی ژنان و کەسایەتیی ئەکادیمی لە ئەمریکا

بڕیارێکی بوێرانەو بە مەبەستی وەرگرتنی پشتگیریکردن لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان ڕۆژی ١٠/١-٢٠١٧ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە ویلایەتی کالیفورنیا زنجیرە چالاکییەکی مەدەنی ئەنجام دا. هەر لەو بارەیەوە تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «لە ئەمریکا چەندین کۆمپانیای تایبەت بە لوبی هەن، کە دەکرێ لە ڕێگەی ئەوانەوە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دروست بکرێت، منیش بڕیارم دا بۆ وەرگرتنی پشتیوانی لە سەربەخۆیی کارێکی مەترسیدار بکەم، کە هەرگیز لەو بوارەدا کارم نەکردووە، ئەویش خۆبەردانەوە لە ئاسمانەوە بە پەڕەشووت و بە ئاڵای کوردستانەوە، کە بێگومان بە بێ یاریدەدەر لە توانای مندا نەبوو. بەڵام هەمیشە چارەنووسی نەتەوەییم بەلامەوە زۆر گرینگ بووە، دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەرکەوتووش لە باشووری کوردستان زنجیرە چالاکییەکم ئەنجام دا. سەرەتا ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی یەکی مانگی ئۆکتۆبەر، لە فڕۆکەخانەی شاری لۆمپاك بە هەڵگرتنی ئاڵایەکی گەورەی کوردستان و بە پۆشینی کراسێك کە ئاڵای کوردستان و ناوی کوردستانی سەربەخۆی لەسەر چاپ کرابوو، توانیم سەرنجی ئامادەبووان و کاربەدەستانی فڕۆکەخانەکە ڕاکێشم، و ئامانجی خۆمیان بۆ شی بکەمەوە».

**بڕیارم دا بۆ وەرگرتنی پشتیوانی لە سەربەخۆیی کارێکی مەترسیدار بکەم، کە هەرگیز لەو بوارەدا کارم نەکردووە، ئەویش خۆبەردانەوە لە ئاسمانەوە بە پەڕەشووت و بە ئاڵای کوردستانەوە، کە بێگومان بە بێ یاریدەدەر لە توانای مندا نەبوو**

وەك باسیکرد لەو چالاکییەدا خەڵکی هان داوە کە پشتیگری گەلی کوردستان بکەن، خۆیشی داوای لە بەرپرسانی ئەمریکا کردووە کە پشتگیری دۆخی کورد و خواستی ڕەوای کوردستانییان بۆ بونیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بکەن.

هەر لە بارەی چالاکییەکانیەوە، د. سورەیا فەلاح ئاماژەی بەو دا کە لە چالاکییەکی دیکەدا داوای لە ئەندامانی گۆنگرێسی ئەمریکا کردووە دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ کۆنگرێس مەنێکی ئاشنا بە دۆزی کوردو هەر لەو بارەیەوە گوتی: «بەڕێز فرانك ترێنت، نوێنەری (ویلایەتی ئەریزۆنا)یە لە کۆنگرێسی ئەمریکا و کەسێکی دڵسۆز و شارەزای پرسی کوردە، بۆیە داوام لە ئەندامانی گۆنگرێسی ئەمریکا کرد، لە بارەی سەربەخۆیی کوردستان کە مافی ڕەوای گەلەکەمانە

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# خانمێکی کورد لە ئاسمانەوە داوای پشتیوانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکات



**کورد لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە خاکییەدا گیرسابێتەوە، خەونی گەورەی ئەوەیە نەتەوەکەی لەژێر دەستی و ستەمی داگیرکاری رزگاری ببێت، لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم لە باشووری کوردستانیش کە بە چەندین کەرنەڤاڵی گەورەی جەماوەری پێشوازی لێکراو بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا، هەر کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر لە ناوخۆ و دەروەی وڵات بە جۆرێك و بە پێی توانا کاردانەوەی هەبووە و خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە. بەڵام د. سورەیا فەلاح چالاکی مافی ژنان و کەسایەتیی ئەکادیمی لە ئەمریکا، بە بیرۆکەیەکی مەترسیدار و بۆ یەکەمجار و تەنیا دوای کاتژمێرێك مەشق و ڕاهێنان، بڕیار دەدات لە ئاسمانەوە بە پەڕەشووت و ئاڵای کوردستانەوە دابەزێت و داوا لە کۆنگرێسی ئەمریکاش بکات کە پشتیوانی لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بکەن.**

**بەڕێز فرانک ترێنت، نوێنەری (ویلایەتی ئەریزۆنا)یە لە کۆنگرێسی ئەمریکا و کەسێکی دڵسۆز و شارەزای پرسی کوردە، بۆیە داوام لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا کرد، لە بارەی سەربەخۆیی کوردستان کە مافی ڕەوای گەلەکەمانە هاوکاری و هاوڕایی بەڕێز فرانک ترێنت بکەن**

هاوکاری و هاوڕایی بەڕێز فرانك ترێنت بکەن».

وەك باسیکرد لە بەشێکی دیکەی زنجیرە چالاکییەکانی و لە گەشتێکدا بە سەر ئاسمانی شاری لومپاك لە بەرزایی (١٣٠٠٠پێ)وە، بە هاوکاری یارمەتیدەرەکەی لە کاتێکدا ئاڵای کوردستانی لەو ئاسمانەدا شەکاندووەتەوە، بە سەلامەتی نیشتووەتەوە. دوابەدوای ئەو کارەش ئامانج و مەبەستی خۆی بۆ ئامادەبوونی شوێنەکە خستووەتەڕوو، هەر وەها بە وردی باسی هەلومەرجی ناوچەکە و ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی کردووە. گوتیشی: «وڵاتانی زلهێزی ناوچەکە؛ ئێران و تورکیا لەمێژە بە هەموو شێوەیەك مافی گەلی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی کوردستانییان پێشێل کردوە، ئێستاش بە هاودەنگی لەگەڵ کاربەدەستانی عێراقدا گەشتی ئاسمانی بۆ هەولێر و سلێمانییان قەدەغە کردووە، گەمارۆی سیاسی و سەربازییان بە سەر باشووری کوردستاندا سەپاندووە، بەڵام من پەیامی دڵگەرمی و دڵنیایی بە هاوچارەنووسان و گەلی خۆم ددەم، کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاڵای کوردستان لە فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکانی جیهان و لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەشەکێتەوە، کوردستانی سەربەخۆ لە ئاسۆی رووناکی نزیك بووەتەوە و رۆحی پاکی قوربانییانمان شاد دەبێتەوە».

وەك باسیکرد، فڕۆکەخانەی لومپاك لە باکووری ویلایەتی کالیفۆڕنیایە و جێگایەکی بەناوبانگە بۆ ئەنجامدانی گەشتی ئاسمانیی کورتخایەن، کە لەوێ بە مەبەستی جۆراوجۆر، تاك و گرووپەکان کۆدەبنەوە و شوێنەکە تەنیا بۆ خۆشگوزەرانی نییە، بەڵکو خەڵك زۆر جار بە مەبەستی ئامانجدار و بۆ گەیاندنی پەیامێك گەشتی ئاسمانی دەکەن و بە پەڕەشووت خۆیان هەڵدەدەن. گوتیشی: «لە چەندساڵی رابردوو تا ئێستا بەشێکی زور لە چالاکانی مەدەنی و مافی مرۆڤ بۆ راکێشانی سەرنجی میدیا و کاربەدەستانی حکوومی روو لەم شوێنە دەکەن و هاوکات لەگەڵ بەشداری لە چالاکییەکان، بە تاکە کەس، یان بە گرووپ و دەستە و کۆمەڵ کێشەکانی خۆیان بۆ ئامادەبووان دەخەنەڕوو، دواتر لە رێگەی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرنجی رای گشتی و بڕیاربەدەستانی سیاسی بۆ پرسەکە رادەکێشن».